# بەم شێوەیە کێشەی کارەبا بۆ ناو زبڵخانەی مێژوو بنێرن!

سەلام عەبدوڵا

ئیمڕۆ لە شاری کەلار، کارەبا لە نیوەرۆوەوە تا کاتژمێری 8ی ئێوارە و لە نێوان 8ی ئێوارە تا 8، 46خولەك بڕا و شەویش دوو جاری تر بڕا(بۆ ئاگاداری لە 9و15تا 9و40جارێکی تر پچڕا) و نازانم داخۆ ئەم ئێوارەیە ئەم ووتارە لە بارەی ئەم کێشەیە و پێشنیارەکەم بۆ چارەسەرکردنی پێ تەواو دەکرێت یا نا.

لە ئەلمانیا، هۆڵەند، سوید، دەنیمارك و فەرەنسا و وەڵاتەکانی تری ئۆروپا هەزاران دێهات و شارۆچکە بە دەزگای(ئەنەرژی با) کارەبایان پێ دەگات و نامۆن بە کێشەیەك بەناوی کارەبابڕین. ئەگەر حکومەتی کوردستانیش دەیەوێت کێشەی کارەبا، بخاتە ناو مۆزەخانەی مێژوو و خەڵك لە کارەساتی کارەبابڕین رزگار بکەن، ئەوا دەتوانن (Windenergie-ئەنەرژی با) لە کوردستان دامەزرێنن.






هەر چۆن بنکەی بازرگانی لە هەولێر بە بڕی 30 000ملیون دۆلار یان چەندین سوپەرمارکت و بنکەی بازرگانی لە سلیمانی و دهۆك درووستدەکەن، ئاوا حکومەت و پەرلەمان دەتوانن ئەو جۆرە دەستپێشخەرییە بکەن و خۆیان و خەڵکەکەش لە تاریکستانی سەدەکانی رابردوو رزگار بکەن.

ئەمش یەکێکە لە دەیان ئەدرەس بۆ درووستکردنی دەزگای درووستکردنی کارەبا بە ئەنەرژی با:

| | |
|---|---|
| IDEA TV Ges. für kommunikative Unternehmensbetreuung mbH<br>Chairman: Bruno Wilbert<br>Hegewiese 1 b<br>D-61389 Schmitten | Fon: +49(0)6084/9487-0<br>Fax: +49(0)6084/9487-11<br>E-Mail: info@idea-tv.de<br><br>Web: www.idea-tv.de |
| | |
| Handelsregister:<br>Bad Homburg, HRB 6910 | Umsatzsteueridentifikationsnummer:<br>DE 113 559 443 |